## کۆڕی بەڕێزان بەختیاری سەجادی – بەهرام وەلەد بەگی

## " کاریگەری ڕۆشنبیریی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بزاڤی ڕۆشنبیریی نەتەوەییدا "

بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی لە کوردستانی ئێران ، بەشێکە لە بزاڤی ڕۆناکبیری و ، کۆمەڵایەتی و ، سیاسی و ، واتە تێکەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلانەو ، بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوەو ، لەهەر قۆناغێکدا تێپەڕیوەو ، لە هەر قۆناغێکدا کورد ئەگەر بیاڤی بۆ ڕەخسابێت دریغی نەکردووەو هەوڵیداوە کارەکە بەرێك و پێکی بەڕێوە ببات . کە بەڕێزان بەختیار سەجادی و بەهرام وەلەد بەگی باسێکیان بەناوی کاریگەری ڕۆشنبیریی کوردستانی ڕۆژهەلات لە بزاڤی ڕۆشنبیریی نەتەوەییدا لە ئێوارە کۆڕێکی بنکەی کاوەی ڕۆشنبیریی کوردی پێشکەشکرد .

**قۆناغەکان**

ڕۆژنامەگەری کوردی لە کوردستانی ئێران تا ئێستا بە چەند قۆناغێك دا تێپەڕیوە :

- هەر لەگەڵ سەر هەڵدانی بزووتنەوەی سمایلاغای سمکۆی مەزنەوە تا نەمانی ، ڕۆژنامەیەك بەناوی ڕۆژنامەی کورد ، کە لەلایەن محەمەدی مەلا محەمەدی نورجانی زادە ، بەڕێوە براوەو لە ورمێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە ، دەرچووە .
- پاشان بەدوای سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ژێ کاف ، کە بزووتنەوەیەکی یەکجار پاك و بێگەردی نەتەوایەتی بوو ، بۆ ماوەیەکی کەم و کورت تەمەنی کرد . ڕۆژنامەگەری کوردی سەری هەڵدایەوەو لە پاڵ ڕۆژنامەی کوردستان کە لەلایەن خواڵێ خۆش بوو عەبدولرەحمان زەبیحییەوە بەدزی دەردەچوو چەند شتێکی دی بڵاو دەکرایەوە . پاش ئەوەی هەڵو مەرجی سیاسی ژێ کافی کردە حزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمارێکی پێکهێنا ئینجا بەفەرمی چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەیەکی کوردستانیش ، کە ئۆرگانی هەم حزب بوو ، هەم قسەی کۆماری دەکرد ، بڵاودەبوونەوە ؛ کە ئەوانیش بریتیبوون لە " نیشتمان ، هەڵاڵە ، هاواری کوردستان ، گڕوگاڵی منداڵان ، ڕۆژنامەی کوردستان ، ئاڵەکۆك ، و ئەوانە .
- سەردەمی کۆماری کوردستان ، کە هەم بەڕێوەبەرەکەی و ، هەم ئەندامانی کۆمار ، چەند مرۆڤێکی فەرهەنگی و نەتەوەخوازبوون ، زۆریان هەوڵدا کارەکەیان لە سەر بنەمایەکی کەلتوورو فەرهەنگی کوردی بەڕێوە بەرن .
- لەوماوەیەدا زۆر بایەخ بە خوێندنی کوردی و ، بووژاندنەوەی فەرهەنگ و ، مێژووی کورد و ، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار دەدرا . پاشان بەتێکچوونی کۆمار هەموو دام و دەزگاکانی ڕۆشنبیری و فێرخوازییەکان پێچرانەوەو ، ڕۆژنامەو گۆڤارو ، شتی ئەوهاش نەمان . پاش چەندساڵێك ، کە حزبی دیموکراتی کوردستان دەستی بەکارو چالاکی خۆی کردەوە ، ڕۆژنامەی کوردستان ، بەنهێنی بڵاو دەکرایەوەو ، بوو بە ئۆرگانی حزب و ، کەتا ئێستاش هەر بڵاو دەکرێتەوە .
- لە پاشان ئەوەی بەئاشکرا لە کوردستاندا بڵاو بوو بێتەوە ، لە ڕۆژگاری خوالێخۆشبوو ، د . موسەدیق دا بووە ئەوکاتە حزبی تودا زۆر کارا بوو ، هەندێك لە ڕۆژنامە ئێرانییەکان جاروبار

هەڵبەتە زۆر کەم شیعری کوردییان لە خۆیاندا جیّدەکردەوەو پاش ئەوەی ناوبراویش سەرەوبن کرا ئەم قۆناغەش بەسەر چوو .

- دواتر شا لە ژێر فشاری دیموکراتییەتی رۆژئاواو ئەمەریکا دا ، کە لێنێکی زۆر چکۆڵەی بۆ زمان و فەرهەنگی کوردی کردەوە لە سالانی شەستەکاندا ، رۆژنامەیەکی دیکە دیسان بەناوی کوردستان ، بەسەر نووسەری و بەڕێوەبەرایەتی موفتی زادە ، کە زانایەکی زۆر بلیمەت و گەورەبوو و ، زۆر باش بەسەر زمانی کوردی و ئەدەبیاتی کوردیدا زاڵ بوو ، لەگەڵ هەندێ کەسی لێهاتوو ئەو رۆژنامەیان بۆ ماوەی دووسێ ساڵ بڵاو کردەوە . ئەو رۆژنامەش وەنەبێ بگاتە دەست خەڵك و لەبازاڕو لەسەر پێشخوانی رۆژنامە فرۆشەکان دەست کەوێ ، بەڵکو بۆ رۆژنامەیەکی زۆر پڕو پتەوو سەنگین و بەناوەرۆك بوو .
- پاش ئینقلابی گەلانی ئێران هەر چەند ئارەزوو و ئاواتی ئێمە وەکو خۆی مایەوە بەلام تارادەیەکیش ئاوڕ لەمافی گەلانی ئێران درایەوە و ، بۆ نموونە خوێندنی زمانە نەتەوەییەکان شان بەشانی زمانی فارسی لە قوتابخانەکاندا دەخوێندران . لەگەڵ ئەمەشدا شەڕێك لەنێوان کوردەکان و دەوڵەتدا بەرپابوو ، لەئاکامدا ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دروست بوو لە ورمێ کە مامۆستا ( هێمن ) ی نەمر بەڕێوەی دەبرد .
- ئەم ناوەندە بێجگە لە دووبارە لە چاپدانەوەی دیوانە شیعریەکان وەك دیوانی نالی و ، مەحموی و ، ئاساری دیکە کتێبی مێژوویی یان ئەو شتانەی لەسەر کورد نووسراون چاپ و بڵاودەکردەوە و گۆڤارێکیشی بەناوی ( سروە ) کەتا ئێستا من لەوێم ئەوکارە بەردەوامە و ئێستا دەتوانم بڵێم چوار ساڵە بەبێ وەستان هەموو مانگ لەکاتی خۆیدا بڵاودەبێتەوە .

## لە بارەی رێنووسەوە

لەو دەمەوە تا ئێستا ، کە دەبێتە ( 17 ) ساڵ ئێمە لەو ناوەندە فەرهەنگیە کار دەکەین و هەر لە سەرەتاوە هەوڵێکی زۆرمان داوە بۆ هێنانەکایەی رێنووسێکی دروست و دەرکردنی نێو بانگێگ بە نێوی رەسم و خەتی سروە . خۆشبەختانە ئەو برادەرانی کوردی ئێرەش ئەهلی قەڵەم و ، ئەوانەی دەمان دیتن ئاڵوگۆڕی بیروڕامان لەسەر دەکردو سودمان لێکتر دەبینی و ئێستاش دەبینم لە چاپکراوەکان و کتێب و بڵاوکراوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقیش دا ئەو پاڵاوتەکردنە لەزمانی عەرەبی و ئەوتەعریب کردنەی فەرهەنگییە کەمێك سڕاوەتەوەو لەکارناکرێن و هیچ کارەساتێکیش روونەداوە ، واتە هەموو کەس لە نووسراوەکان حاڵییە .

## سیاسەت لە کوردستان

تا نزیك ئێستا چ لەم دیو چ لەو دیو لە راستیدا لەسەر شانی شیعری شاعیران بڵاو دەبۆوە ، واتە کۆڵە کەو بناغەی بزاڤەکە چەند مرۆڤێك بوون وەك هەژارو هێمن و خاڵە منیش بەرزنجی و خالیدی حیسامی – هێدی و ، ئەوانە لە مەیدان دا بوون . زۆربەی ئەو بڵاوکراوانەی کە باسم کرد پڕبوون لە شیعری ئەو شاعیرانە شیعرەکانیش دیارە شیعری سیاسەت بوون .

## بڵاوكراوەكان

هەر ئێستا ئێمە بێجگە لە گۆڤاری سروە گۆڤاری مەهابادو ، ئاوێنەو ، زرێبارو ، دەیان گۆڤاری دیكە بڵاو دەبێتەوە و بەپێی ئەو ئامارەی كە ئێستا لەبەردەستمدایە ( 27 ) گۆڤارو ، بلاڤۆك و ، لە زانستگاكانی ئێران بەكوردی دەردەچن ئەوە بێجگە لە حەوتەنامەی ئاوێرو ، سیروان و ، زۆر بڵاوكراوەی بچوك و گەورەی دیكە .

## سەرنج

بزاڤێكی رۆژنامەوانی و رۆشنبیری گەورە لە كوردستان بەڕێوەیەو بێجگە لە گۆڤاری سروە ، كە لەسەر خەرج و نەفەقەی دەوڵەت دەردەچێ باقی بزاڤەكە زۆربەی لە عۆدەی خودی خەڵكەكەیەو ، ئەو فیداكارییە زۆر پێویستە و زۆر جێی رێزگرتنە .

بەروار : 8 / 8 / 2002